**دیکتاتۆری پرۆلیتاریا یان دیموکراتی پرۆلیتاریا؟؟؟, لە یادی 149 ساڵەی کۆمۆنەی پاریس**

عەلی مەحمود محەمەد

زەمینەی دامەزراندنی کۆمۆنە

لە رێکەوتی 4-8-1870 پروسیەکان لە سیدان تێکشکانێکی گەورە بەسەر سوپای فەرەنسادا دەسەپێنن, لە رێکەوتی 2-9 هەموو سوپای فەرەنسا لەپێشیانەوە ئیمپراتۆرو 39 ژەنەرال و 86 هەزار سەرباز دیل دەکرێن لە لایەن پرۆسیەکانەوە , لە کۆی سوپایەك ژمارەی 120000 سەرباز بوو, سوپای پرۆسی تا قەراغی شاری پاریس رانەوەستان.

لە رێکەوتی 18-1-1871 لە ڤێرسایەوە " بەشێکی پاریسە" ڕایخی ئەڵمانی ڕاگەیەنرا, کە زۆربەی توێژەرەوان و چاودێران هەڵبژاردنی ئەم شوێنەیان بۆ ڕاگەیاندنی ڕایخ بە سوکایەتی بە هەستی نەتەوایەتی فەرەنسیەکان زانی, بە پێی دەستووری نوێ فیلهیلیم بووە قەیسەری ئەڵمانیا و بسمارکیش بوو بە سەرەك وەزیرانی وڵات, لە رێکەوتی 19-2-1871 تییر حکومەتی لە بۆرژوازی و پاشایەتی خوازانی فەرەنسا پێك هێنا کە ملکەچی رێکەوتن بوون لە گەڵ ئەڵمانەکان, کۆماریخوازەکان سەرشۆڕییان رەتکردەوە, دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنێکی تەنها پیاوانەدا لە رێکەوتی 8-2-1871 پۆستەکەی مسۆگەر کرد.

لە رێکەوتی 26-2-1871 پەیماننامەیەك لە نێوان ئەڵمانیاو فەرەنسا دەبەسترێت, بە پێی ئەو پەیمانامەیە ئەلزاس و لۆرین دەدرێت بە ئەڵمانیا, ناوچەی لۆرین بە هەرێمی متزوتیون ڤیلوەوە, ئەلزاس بێ بلفۆرت و دەورو بەرەکەی, لە پاڵ دەست بەسەردا گرتنی سێ یەکی خاکی فەرەنسا, تا ئەوکاتەی قەرەبوی زیانەکان دەکرێتەوە لە لایەن فەرەنساوە ,بڕەکەی دیاری کرابوو بە 5 ملیار فرەنکی فەرەنسی.

تییر بۆ ئەوەی داخوازەکانی بسمارك جێ بە جێ بکات, پێویستی بەوە هەبوو چەك و تۆپەکانی (پاسەوانی نیشتمانی)بدات بە دەستەوە, پاسەوانی نیشتمانی لە پاریس وەك دەسەڵاتی دوولایەنە مامەڵەیان دەکرد لە بەرامبەر حکومەتی ناوەندی, هەیبەتی حکومەتەکەی تییریان لاواز کردبوو, تییر بۆ گەڕاندنەوەی ناوەندی دەسەڵات بۆ حکومەتەکەی و جێ بە جێ کردنی پەیماننامە سەر شۆڕانەکانی, ویستی پاسەوانی نیشتمانی چەك بکات, تۆپەکانیان لێ وەرگرێتەوە.

لە 18ی ئازار سوپایەکی 4000 سەربازی نارد لەسەر خواستی پروسییەکان بۆ ئەوەی دەست بەسەر ئەو 227 تۆپەدا بگرن کە پاریسیەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو, بۆ بەرگریکردن لە شارەکەیان کە لە لایەن سوپای پرۆسیاوە ئابلوقە درابوو لە ساڵی پێشوەوە لە بەرزایەکانی مۆنمارت و بلڤێل دایان بەستابو.

لە رێکەوتی 16-3 تییر دەسەڵاتدارانی شاری بانگ کرد بۆ شارەوانی لە رێکەوتی 17-3 لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە نەخشەی چەككردنی پاسەوانانی نیشتمانی داڕێژرا, ژەنەراڵەکانیش تیایدا

بەشدار بوون, ژەنەراڵ ڤیوا دیاری کرا بەسەرپەرشت کاری بڕیارەکە, بڕیار درا بەزوترین کات چەککردنی پاریس جێ بەجێ بکرێت, بۆیە لە ڕێکەوتی 18-3-1871 بڕیاری چەککردنی (پاسەوانی نیشتمانی )یاندا, بە ناوی ئەوەی گوایە ئەو تۆپانە موڵکی دەوڵەتن, بۆیە دەبێت بگەڕێنرێنەوە بۆی, بەمەش تیر دەیەویست لە لایەکەوە بڕیارەکە جێ بە جێ بکات لە لایەکی دیکەوە مەترسی یاخی بونەوە لە سەر دەسەڵاتەکەی لاببات, بەڵام پاسەوانانی نیشتمانی بە بڕیارەکە ڕازی نابن, چونکە ئەو چەکانە ئەوانە بون کە پاسەوانانی نیشتمانی لەو شوێنانە ڕزگاریانی کردبوو کە پرۆسیا داگیری کردبوو, بۆیە موڵکی دەوڵەت نەبوون, دیارە دەست گرتن بەسەر چەکەکاندا, بەمانای دەس گرتن دەهات بەسەر پاریسدا.

برسیەتی,گرانی, بێکاری,نەخۆشی و هەژاری باڵی بەسەر پاریسدا داگرتبوو, لەم بارودۆخە ناسکەدا, بۆرژواکان بە خۆیان و خەزێنەو سەروەت و سامانیانەوە, لە پاریس بە کۆمەڵ هەڵدێن, نیشتمان لە ناخۆشرین ڕۆژەکانیدا بۆ کرێکاران و ڕەنجدەران بەجێ دەهێڵن .

بڕیار بوو کاتژمێر 2 ی شەو هێرش دەس پێ بکرێت, پۆلیسیش بڕیارە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتە هەڵبژێردراوەکانی 20 گەڕەکەکی شاری پاریس و لقی فەرەنسای ئێنتەرناسیۆنالیزم دەستگیر بکەن, شەڕ کاتژمێر 5 بەیانی ڕێکەوتی 18-3 دەستی پێکرد, لە ئاکامی بەرگری بێ وێنەی پاسەوانانی نیشتمانی و خەڵکی پاریس بە ژن و پیاوەوە کە بەرەو ڕوی سوپاکەی تیر بونەوە بۆ داکۆکی لە تۆپەکان, دەستیان بەسەر بەشێکی شاردا گرت, شکستیان بە نەخشەکانی تیر هێنا, جەماوەری پاریس ڕژانە سەر شەقامەکانکەوتنە سەنگەر لێدان, سەربازان خۆ بەدەستەوە دەدەن و ئەفسەرانیش هەڵدێن و خۆیان دەشارنەوە, خەڵکەکە دروشمی بژی کۆمار بژی کۆمۆنیان دەوتەوە, تەواوی باڵاخانەکانی شار دەستیان بەسەردا گیرا, چەك وتەقەمەنیەك زۆر گیرا, تەنها لە قەڵای فانف 450000 تفەنگ دەسکەوت بوو, لە کۆی 300000 سەربازی بەرگری نیشتمای, تەنها 300 کەس بەدوای داخوازەکانی تیرەوە چون, ئەوانی دیکە پەیوەست بوون, بە بەرەی شۆڕشەوە, دەست بەسەر بارەگای شارەوانیدا دەگرن و تیر لە پاریس هەڵدێت.

ڕێکەوتی ( 19 -3) میەو پاریس ئازادە, نە حکومەتی تیر وە نە سوپای داگیرکەری پروسی تێدایە, لە بەیانی زووەوە شار جمەی دێت, کرێکار, دوکاندار,پیشەگەر, ڕۆشنبیران,پاساوانانی نیشتمانی, ژنان, منداڵان, گەنج و لاو, ڕژاونەتە سەر شەقامەکان, کۆمیتەی ناوەندی پاسەوانانی نیشتمانی, لە بارەگای شارەوانی پاریس, کە لە بان باڵاخانەکەی ئاڵای سور بۆ یەکەمجار لە مێژوودا دەلەرێتەوە, بەیاننامەیەکی ڕوو لە خەڵکی پاریس دەرکرد, بە یاننامەکە بە کۆماری فەرەنسا و دروشمی "سەربەستی,یەکسانی,برایەتی" دروشمە سەرەکیەکەی شۆڕشی فەرەنسا دەستی پێکرد, لە بانگەوازەکەدا داوا لە خەڵکی پاریس کرا, لە شوێنی خۆیان ئامادە بن بۆ ئەنجام دانی هەڵبژاردن, ئەم بانگەوازە لە لایەن 21 ئەندامی ئامادەبووی کۆمیتەی ناوەندی پاسەوانانی نیشتمانیەوە واژۆ کرا لە کۆی 40 ئەندام, کە هەرئەوانە لەو کاتەدا لەو شوێنە ئامادە بوون, ئەوانی دی بەهۆی کاروبارەوە ئامادە نەبوون, ڕێکەوتی26-3 واتە دوای یەك هەفتە دیاری کرا بۆ هەڵبژاردن, هەر ئەو ڕۆژە بڕیاری ئازاد کردنی زیندانییە سیاسیەکان دەرکرا.

## هەڵبژاردنی کۆمۆن

دوای 8 رۆژ  له هه‌ڵبژاردنێکی ئازادانه‌دا به‌ به‌شداری نزیك 230 هه‌زار که‌س له‌ پیاوان و ژنانی پاریس ئه‌نجومه‌نێکی 78 که‌سه‌ییان هه‌ڵبژارد, له‌وکاته‌دا ژماره‌ی دانیشتووانی پاریس ده‌وروبه‌ری ملیۆنێك هاووڵاتی بوو, به‌شێکی پاریس وه‌ك فێرسای به‌ده‌ست کۆمۆنارکانه‌وه‌ نه‌بوو, وه‌ سه‌رمایه‌داره‌کانیش له‌ ترسی ئابلوقه‌ی پاریس به‌شێکیان هه‌ڵاتبوون.

ڕانۆی رێکه‌وتی 28-3  له‌به‌رده‌م شاره‌وانی پاریس, ناوی هه‌ڵبژێردراوه‌کان بڵاو ده‌کاته‌وه‌ , به‌ دروشمی بژی کۆمار , بژی کۆمۆن ده‌ستی به‌ قسه‌کانی کرد .

هه‌مان ڕۆژ کۆمۆن ده‌ستی به‌ کاره‌کانی کرد, به‌ سه‌رپه‌رشتی شارل بلی  ته‌مه‌ن 76 ساڵه‌, که‌ پیرترین ئه‌ندامی هه‌ڵبژێردراوی  کۆمۆن بوو.

له‌ 26 ئه‌پریل  هه‌ڵبژاردن ته‌واو کرا, شاعیری گه‌وره‌ ئۆژین پۆتیه‌" نووسه‌ری سرودی ئه‌نته‌رناسیۆنال"و چوار ئه‌ندامی دیکه‌ هه‌ڵبژێردران له‌و خوله‌دا.

 له‌ هه‌ڵبژێردراوان  33 که‌سیان کرێکارو پیشه‌گه‌ر بوون, ده‌ که‌سیان هونه‌رمه‌ند بوون,  له‌ ناویاندا وێنه‌کێشی به‌ناو بانگ غۆستاف کۆربیه‌ هه‌بوو, 5یان خاوه‌ند پیشه‌ی بچووك بوون, وه‌ ژماره‌یه‌ك ژن  له‌ نوێنه‌رایه‌تیدا جیگایان گرت که‌ له‌ حکومه‌تی بۆرجوازیدا مافی ده‌نگدانیشیان نه‌بوو, له‌وانه‌ لویز میشیل, ئه‌لیزابیس دمتریف نوێنه‌ری مارکس و ناتانی لۆمل, دوای دو رۆژ نوێنه‌ران کۆمۆنه‌ی پاریسیان راگه‌یاند.

له‌ روی پێك هاته‌ی سیاسییه‌وه‌ نوێنه‌ران له‌ یه‌عقوبییه‌ لایه‌نگره‌کانی شۆڕشی فه‌ره‌نسی, کۆمارییه‌ شۆرشگێره‌کان,ئانارشیسته‌کانی لایه‌نگری پلانکی و بردۆن و مارکسییه‌کان پێك ده‌هاتن, 21 بلانکی و 20 برۆدۆنی و 2 مارکسی (فرانکل و سیریالیه‌ فارلین), به‌ شێوه‌ی گشتی یه‌کسانیخوازان به‌ هه‌موو باڵه‌کانیه‌وه‌, برۆدۆنی, بلانکی, مارکسی, یه‌عقوبیه‌کان, زۆربه‌ی زۆری کۆمۆنه‌یان دیاری ده‌کرد, دامه‌زرێنه‌ری ئه‌و  به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی یه‌ بوون.

مارکسییه‌کان هۆی هه‌ڵبژاردنی زۆربه‌, له‌ ورده‌ بورژوازی له‌ ڕوی چینایه‌تی, باڵه‌ سۆسیالسته‌ غه‌یره‌ مارکسییه‌کان, له‌ ڕوی سیاسییه‌وه‌, ده‌به‌نه‌وه‌ سه‌ر ئه‌وه‌ی  فه‌ره‌نسا له‌و کاته‌دا وڵاتی بۆرژوازی بچوك, وه‌ مارکسیزمیش بیرو باوه‌ڕێکی نوێ بوو .*

بڕیارکانی چۆنه‌ دا

کۆمۆن دەسەڵاتداریەتیەکی دیموکراسی راستەوخۆ بوو, بڕیارەکان راستەوخۆ دەدرا, سەرکردایەتی هەرەمی نەبوو, هێزە سەرکوتکەرەکانی هەڵوەشاندەوە, دین لە دەوڵەت جیاکرایەوە, خوێندن بە خۆڕایی کرا, یەکسانی ژن و پیاو مسۆگەر کرا, بێگانەکان بوونە هاوولاتی, شوێنی لەش فرۆشی قەدەغە کرا, موچەی نوێنەران بە 6000 فرەنك وەك موچەی کرێکارێکی هوشیار دیاریکرا..... .

کۆمۆن لە ڕوی بەشداری هەمووان بە بێ جیاوازی چینایەتی و ڕەگەزی لە سەروی 18 ساڵییەوە لە دەنگداندا, یەکەم ئەزمونی دیموکراسی بوو تاکو ئەو کاتە مرۆڤایەتی بە خۆیەوە ببینێت, کە تا ساڵی 1944 لە فەرەنسای مەڵبەندی دیموکراسی, ژنان مافی دەنگدانیان نەبوو, کۆمۆن نمونەیەکی نوێی دیموکراسی پێشکەش مرۆڤایەتی کرد, خەڵکی پاریس لە سەردەمی پاشایەتی و دواتریش دابەش دەکران بەسەر سێ توێژدا" نەبیلەکان,پیاوانی کەنیسە,ئەوانەی داهاتیان مام ناوەندی بوو(بورژوازی)", توێژی یەکەم و دووەم لە باجدان ئازاد کرابوون, مافی دەنگدان بۆ هەمووان نەبوو, بەڵام کۆمۆن کودەتایەکی شۆڕشگێڕی کرد بەسەر سیاسەتی باودا, نموونەیەکی نوێی سیاسەتی بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتی پێشکەشکرد, هەموو ئمتیازاتێکی لە چینە باڵاکان سەندەوە.

کۆمۆنە تەنها 72 رۆژ بەردەوام بوو, لەو 72 رۆژە پاریس نەخەوت, نوێنەران شەو و رۆژ بە موچەی کرێکاری هەر بیریان دەکردەوەو کاریان دەکرد.

لە 2 نیسانەوە دەسەڵاتی تیر هەوڵەکانی خستە گەڕ بۆ روخاندنی, بە هاوکاری سوپای داگیرکەری پرۆسی, لە 21ی ئایارەوە پەلامار دەستی پێکرد, لە28ی ئایار دوای کوشتنی زیاتر لە 30 هەزار کۆمۆنار کە روباری سین لە خوێنی ئەوان سور ببوو کۆمۆنە تێك شکێنرا, بەڵام پەندو ئەزموونەکانی بۆ مێژوو مایەوە.

ئایا دیکتاتۆری پرۆلیتاریا مەرجی سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری یە؟؟؟؟.

تا ئێستا ئەو مەقولەیەی دەڵێت دەوڵەت چینایەتییە, ئامرازێکە بە دەست چینێکەوە بۆ سەرکوتی چینێکی دیکە لە ناوەڕۆکدا راستە, ئەگەریش لە نمایشدا خۆی وا نەنوێنێت و بە رواڵەت لە ڕێگای دەنگدانەوە وا خۆی ئاشکرا بکات لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگادا بێلایەنە, لێ ئەوا لە ڕێگای دەستور و یاساو راگەیاندن و دەسەڵاتی قوڵەوە چینی فەرمانڕەوا بەرژەوەندیەکانی خۆی دەسەپێنێت و بە ئاگرو ئاسن موڵکداریێتی تایبەتی و پەیوەندی بەرهەم هێنانی چینی دەسەڵاتدار دەپارێزێت, بۆیە دەبینین ئەنجامی هەڵبژاردنەکان تەنها گۆڕینی دەموچاوەکانە, ئەوجارانەشی قازە رەشەکەیان بۆ دەردەچێت, ئەوا دەیکوژن نموونە جیمی کۆربین و بیرنەر ساندەرز و سیریزاو ئێس پەی....., بە گشتی ئەنجامی کایە سیاسییەکە جێگۆڕکێیەك کەمە بە خاڵەکانی بودجە نەك سستەم, بە پێی ئەو بەنجەی بۆ کۆمەڵگا سیاسەتمەدارانی چینی باڵادەست دەیبڕنەوە لەو قوناغەدا.

به دوای کۆمۆنه دەستەواژەی دکتاتۆری پرۆلیتاریا لە زمانی رابەرانی مارکسیزمەوە هێنرایە ناو ئەدەبیاتی سیاسی و لە زۆربەی حالەتەکاندا لە ژێر ئاڵای دکتاتۆری چینێك كه زۆرینەی كۆمەڵگا پێك دەهێنێت دکتاتۆری حیزب و کەس داسەپێنرا.

بە بۆچونی مارکس دکتاتۆری پرۆلیتاریا شێوەیەکی ڕامیاری یە, لەم دوایەدا دەرکەوت, کە ڕزگاری ئابووری بۆ کار بەدەست دێنێت, ئەمەش لە کۆمۆنەدا دەرکەوت . هەروەها دەڵێت: لە بارودۆخی گواستنەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالستی, شێوەی دەوڵەت ناکرێت هیچ شێوەیەك بێت جگە لە دیکتاتۆری شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریا.

ئەنگلزیش لە ناساندنی کۆمۆنەدا دەڵێت: ( بەڕێزە خۆشەویستەکان, ئایا دەتانەوێت بزانن دیکتاتۆری پرۆلیتاریا چی یە و چۆن خۆی دەنوێنێ؟ فەرموون چاوێك بە کۆمۆنەدا بخشێنن, لە ڕاستی دا ئەوە دیکتاتۆری کرێکاران بوو).

لینین لە پەرتووکی کاوتسکی هەڵگەڕاوەدا پێداویستی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە: (1- سەرکوت کردنی بەرەنگاربوونەوەی هێزی بورژواکان.2 - ترس خستنە دڵی کۆنەپەرستان.3 -پاراستنی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا دژ بۆرژواکان. 4 - تا پرۆلیتاریا بە هێز لە دوژمنەکانی بدات.

لە دوای کۆمۆنە ناوەڕۆکی کۆمۆنە لە رێگای چەمکی دیکتاتۆری پرۆلیتاریاوە, لە هەمە ڕەنگی, ئیرادەی زۆرینە, کارکردن, بریارانی بە کۆمەڵ, نەهێشتنی دامودەزگای سەرکوتکەرو ئیمتیازاتی چینی دەسەڵاتدار, داهێنان و پێشەنگی لە سیاسەت مرێندرا, تەنانەت مۆرکی بەشداری زۆرینەی ئانارشیستی نا دەسەڵاتداری لە سەرکردایەتی کۆمۆنە لە گۆڕنرا, هەموو کۆمۆنە لە چەمکی دکتاتۆریەکە کورت کرایەوە, بەمەش سۆسیالستەکان بەناوی وەفاداری بۆ کۆمۆنە بەرەو ڕوی ناوەڕۆکی کۆمۆنە بونەوە.

لە یەکەم ئەزموونی دوای کۆمۆنە, بە دوای شۆرشی ئۆکتۆبەردا, ئەو هەموو ستایشەی کە پێشتر لینین لە پەرتووکی دەوڵەت و شۆڕشدا بۆ کۆمۆنەی کردبوو, ساڵێك بەرگەی هەمە ڕەنگی پەرلەمانەکەی نەگرت و هەڵیوەشاندەوە, کە لە 25ی نۆڤەمبەری 1917 لە گەرماو گەرمی دوای شۆڕش و بڕیارە گرنەکان وەك زەوی بۆ جوتیار, ئاشتی, کار بۆ کرێکار, بەشداری هەمووان لە هەڵبژاردن و دەنگی یەکسان بۆ هەمووان" پێشتر دەنگی چینە باڵاکان چەند دەنگی هەژاران دەژمێردرا, ئەنجامدرابوو نموونە لە هەڵبژاردنی 1907 دا خاوەند زەوییەکی دەرەبەگ ب 230 دەنگ, کەچی کرێکارێك بە 125000 دەنگ و جوتیارێك بە 60000 دەنگ دەچونە دۆماوە, بۆیە لە دوا هەڵبژاردنی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر 51%ی ئەندامانی دۆما لە نوبەلا پێك دەهات" لە هەڵبژاردنەکەدا 103 لیست بەشداری تێدا کردبوو, لە ئەنجامدا سۆسیالستە شۆڕشگێڕەکان زۆرینە بوون 37,61%ی دەنگەکانیان هێنابوەوە, بەلشەفیکەکان 23,26% ی دەنگەکانیان هێنایەوە, دەیکردە دە ملیۆن و شەش سەت و حەفتاو یك هەزارو سێسەدو هەشتاو حەوت دەنگ, مەنشەفیکەکان تەنها 3,02%ی دەنگەکانیان هێنابوەوە.

لە کۆمۆنەوە بۆ ئێستا, زاراوەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا, خاڵی باسی بۆرژواکان و مارکسیەکان بووە, بەردەوام لە رۆژەڤی گەرمدا بووە, لە کاتێکدا ئەم دەستەواژەیە هاتە پێشەوە, دەسەڵاتداری دکتاتۆری موتڵەق لە زۆرینەی جیهان بە پراتیك پیادە دەکرا, کەچی بۆرژوازی دژی چەمکی دکتاتۆری پرۆلیتاریای زۆرینەی کۆمەڵگا بوو, هەڵبژاردن لە جوگرافیایەکی بچووکی جیهان تەنها بۆ پیاوانی

چینە باڵاکان بوو, کرێکاران و ڕەنجدەران بەشدارییان زۆر لاواز بوو لە ژیانی سیاسی یان هەر نەبوو, گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی هێواش بوو, شۆڕشی پیشەسازی سێ و چوار و لێکەوتەکانی نەبوو, خەباتی سیاسی سەرکوت دەکرا, بریکاریا ناویشی نەبوو,.....لە بارودۆخێکی وادا کە دکتاتۆریەت باڵی بەسەر جیهاندا کێشابوو, کۆمۆنە لە بەرامبەر دکتاتۆری چینە باڵاکانی دەرەبەگ و سەرمایەداران لە جیهاندا, شێوە حکومەتێکی دیکەی هینایە پێشەوە, تەواو پێچەوانەی ئەوانە, لێرەدا هەژاران دەسەڵاتدارن ناونرا دکتاتۆری پرۆلیتاریا, کە وەك لەشکرەکەی سپارتاکۆس زەبروزەنگی پیادە ناکرد, دڵی گەورەو بە بەزەیی بوو, کە لە ناوەڕۆکدا زۆر دیموکراسیانەو مرۆڤ دۆستانە بوو, تەنانەت حوکمی ئیعدامی تێدا هەڵەشابوەوە, گفتوگۆی سیاسی لە لوتکەدا بوو, زۆر کۆڕوکۆمەڵە لەو ماوەیەدا پێك هاتن, ڕۆژنامە داخراوەکانی پێشوو ئازادی کارکردنیان پێ درایەوەو ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی زەمانەت کرا جگە لە دژە شۆڕشان, بۆیە هەموو ئەو پراتیکانە لە گەڵ بەکار هێنانی چەمکی دکتاتۆری یەك ناگرێتەوە.

هەرچەندە هەنووکە چەمکی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا, بێ ئەوەی ڕابگەیەنرێت, بەشی زۆری پارتە مارکسی و کۆمۆنیستیەکان جیهان, لە ئەدەبیات و بەرنامەی خۆیان لایان داوە.

ئەگەر مارکس پاش کۆمۆنە, لە ئەزمونی ئەو دەسەڵاتەوە چەمکی دیکتاتۆری پرۆلیتاریای هێنایە ناو ئەدەبی مارکسیزمەوە, ئایا دوای ڕوخانی شورەوی و کامپی خۆرهەڵات و ئەو پێشەوە چونانەی دیموکراسیەت لە بواری یاسای هەڵبژاردن و بەشداری هەمووان تیایداو زەمانەتی بەشێکی باش لە ئازادییەکان ناویەتی, وە ناشرینی و قێزەونی چەمکی دکتاتۆری, و خراپ بەکار هینانی چەمکەکە لە رابردوودا بەناوی مارکسیزمەوە کە دەریایەك خوێنی بەهۆوە رژێنراوە, ئەمڕۆ مارکسیش لە ژیاندا بووایە, هەوڵی گۆڕینی چەمکەکەی دەدا, رایدەگەیاند کۆمۆنە نموونەی دیموکراسی راستەوخۆی پرۆلیتاریایە.

کۆمۆنە قازە رەشەکەی دیموکراتی و دادپەروەری بوو, ئەوپەڕی دیموکراسیەتی تێدا جێبەجێ کرا, تا ئێستا پاریسیەکان کە قیبلەنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانەن لە سیاسەت لە جیهاندا پێی نەگەیشتوون, بۆیە پێویستە دەستەواژەکە بگۆڕێت, هەرچەندە دەشێت بۆ هەندەك ئەمە کفرە گەورەکە بێت.